گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 7, No. 1, pp. 56–77, March.-2019
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# چەمکی ئازادی لە ناوەرۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان– بابەتی زمان و وێژەی کوردی وەك نموونە

## (توێژینەوەیەکی دەروونی– پەروەردەیی شرۆڤەکاری) یە

نەسرەدین ئیبراهیم محمد

پشکا دەروونناسی گشتی، فاکۆلتیا پەروەردە، زانکۆیا زاخۆ (nasraddin.mohammad@gmail.com)

وەرگرتن: 2018/01 پەسەندکرن: 2018/04 بەلاڤکرن: 2019/03 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2019.7.1.460

**پۆختە:**

مەبەست لەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی بوونی چەمکی ئازادییە لە ناوەرۆکی بابەتی وێژە و زمانی کوردی قۆناغی ئامادییە بە پێی پرۆگرامی خوێندنی هەرێمی کوردستانی عێراق، و بۆ ئەم مەبەستە توێژە هەڵساوە بە دانانی لیستەیەك لە جۆرەکانی ئازادی، و دوای دابەشکردنی بەسەر کۆمەڵێك پسپۆر و دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی سایکۆمێتریك، و بە بەکارهێنانی شێوازی توێژینەوەی شیکاری وەسفی و پێداچوون بە ناوەرۆکی سەمپلێك کە بریتی بوو لە (748) لاپەڕە لە کۆی گشتی (845) لاپەڕەی سێ پەرتووکی سێ قۆناغی دەهەم و یانزدەهەم و دوانزدە، واتە (89٪)، ئەنجامەکان پیشانیان داوە کە ژمارەی دووبارەبوونی ئەو چەمکە (1673) جارە، و بە پێی گۆڕاوی قۆناغ و جۆرەکانی ئازادی جیاوازییەکی واتادار لە ئاستی (0.05) لەو چەمکە لە ناوەرۆکی ئەو سێ پەرتووکە دەبیندرێت.

**پەیڤێن سەرەکی:** چەمك، ئازادی، پرۆگرامی خوێندن، هەرێمی کوردستان، توێژینەوەیەکی دەروونی– پەروەردەیی شرۆڤەکاری.

## 1. پێشەکی

### 1.1. گرفتی توێژینەوە:

ناکۆکییە چەکدارییەکانی سەدەی بیستەم کۆسپی هەرە سەرەکی هێنانەدی ئامانجەکانی فێرکردن بۆ جیهان بوون (ماهیر، 2003، 44)، و بەهەمان شێوە سەندنەوەی ئازادیی تاکی کوردی، ئامانجێکی کەلتووری پەکخستنی ئیرادە و ترساندنی، و هێشتنەوەی لە ژێر سێبەری داگیرکەرانە، کە بەرهەمی پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژووییە، کە ترسی ئایینی و شکاندنی پیرۆزییەکانی بەشێکن لە پێکهاتەکانی، و هەوڵێکی کۆشندەی بێبڕواکردنیەتی بە خۆدی خۆی و بێبایەخکردنی زمان و مێژوو و سیمبۆلەکانی، و دواتر بە دۆزەخکردنی نیشتیمانەکەیە، کە هۆکاری بەرهەمهاتنی سایکۆلۆژیای دژە نیشتیمانە لای ئەو تاکە (توفیق و ئەوانیتر، 2016، 64)، و نموونەشی گاڵتەجاڕێکردن و کەم بایەخ و قەدەغەکردنی زمانەکەیەتی بە درێژایی مێژووی ڕژێمە شۆڤینیەکانی داگیرکەری کوردستانەوە و بە تایبەت ڕژێمی بەعسی (جەلال و دەباغ،9،2003“ مەجید، 2002، 91)، و تەنانەت گۆڕینی ناوی کەسان (عەبدۆلرەحمان،2010، 187)، و یان قوتابخانەکانی کوردی بۆ زمانی عەرەبی (عەبدول، 2004، 30“ عەبدۆلرەحمان،2006، 108)، یان گۆاستنی مامۆستایانی کورد بۆ ناوچەکانی دیکە (شوانی، 2004، 98)، و توێژینەوەکانی زانایانی وەك جان کینێت گالبرایت (John K. Galbraith) لە ولاتێکی پێشکەوتووی وەك ئەمریکا، ڕاستی ململانێی ویستی ئازادی لای هەندێ چینی کۆمەڵایەتی، و بەتایبەت قوتابیان و گەنجان، لەگەڵ یاسا و بەهاکانی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەلگەیە ڕاشکاوانە پیشاندەداتن (نراقی، 1354، 20).

گرفتی توێژینەوە خۆی لەو پرسیارەدا دەنوێنێ کە لە لایەك دەروونزانانی کورد گلەیی لە مەترسیەکانی سەر ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی تاکی کوردی دەکەن، و بە تایبەت لە پرۆسەکانی داگیرکرنی کەلتووری و فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکەی ناوچە و جیهان، کە دەزگاکانی راگەیاندن لە ریگەی پرۆسەی بەجیهانیبوون رۆڵێکی بەرچاویان هەیە (محمد و أحمد،2010، 291)، و لە لایەکیتریشەوە پەروەردەکاران گلەیی لە پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکانمان دەکەن و دوور لە کۆمەڵگای کوردەواری و نزیك لە کەلتوورەکانی دەوروبەر، و لە هەمان کاتدا بە زیانی کەسێتی قوتابیان دەبینن (حەیدەری، 2004، 76)، بۆیە ئایا لە قۆناغێ ئێستای دیرۆکی و هەوڵەکانی کوردستانیان بۆ گەیشتن بە ئازادی ئەو چەمکە هێشتان جێگەی بایەخی لایەنە پەیوەندارەکانی سیستەمی پەروەردەیی کوردە یان نە، لە کاتێك دا کە هەندێ ڕۆشنبیرانی کوردستان لەو بڕوایەدان کە هەندێ لایەنی ئازادی و بە

تایبەت ئازادی تاکی نێوان کچ و کوڕ لە سیستەمی پەروەردەیی و فێرکردن لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا هێشتان لە ژێر گووشاری فەرهەنگی خێڵەکی کۆمەڵگەدایە و گۆڕانی بەسەر دا نەهاتووە و کورد نەیتوانیوە بیگۆڕێ (گۆڤاری شکار، 2013، 156)، و وێڕای ئەوەی قۆناغی گەنجێتی بە قۆناغی ئازادی تاك خراوەتە سەر شانۆ، بەڵام ناتوانی لە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ئەو چەمکە چەندەها گیروگرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی وەك خۆکوشتن، لادان، و ...هتد، لەنێو گەنجەکانمان بەدوای خۆی دا هێناوە ( باخەوان، 2013، 11)، و یەکێك لە گرفتەکانی هەرەباو لە کۆمەڵگەماندا تێکەڵکردنە لە نێوان چەمکی ئازادی و چەمکی بەرهەڵڵایی و سەرڕۆییە، کە ڕاگەیاندن تیایدا سەرپشکە (بۆلی، 2014، 67)، و لە هەمانکاتدا ئەو ئازادییەی قوتابی کورد وەك تاك لە نێو خێزاندا هەیەتی، لە قوتابخانە، وەك دەزگایەکی کۆمەڵایەتی فەرمی سنووردار دەکرێ(خدر، 2004، 81)، تەنانەت ئەو داڕشتنەی لە بۆاری بابەتی زمانی کوردیش لە قوتابخانەکانمان دەنووسرێن زۆر کلاسیکییە و بایەخی پێنادرێتن(زەنگەنە، 2000، 87)، و لەوەش خراپتر هەژمارنەکردنی بە وانەیەکی بنچینەیی لە خوێندن و لابردنی لە ئەزموونی بەکالۆریا کە خۆی جۆرێکە لە سووکایەتیپێکردنی و بێ بایەخکردنی، دوای ئەو هەموو ساڵانەی زەحمەت و قۆربانیدان و مەینەتی نەتەوەی کورد(مەغدید حەمەد، 2004، 99)؟ هەتاکو لە کوردستان گلەیی لە پرۆگرامەکانی خوێندن دەکرێن و داوا دەکرێت ویست و ئارەزووەکانی قوتابیانی تیایدا لەبەرچاو بگیرێتن (عبدالّحد، 2006، 60). توێژینەوەکانی پسپۆڕانی دەروونزانی لە وڵاتانی پێشکەوتوو، بۆ نموونە ئەلیس مایس و جاسمین ماکۆناتا (A. Mayes and J. Maconatha, 1982) پێشاندەداتن کە کێشەکانی پەیوەندار بە لایەنی ئەکادیمی و بەتایبەت پرۆگرامی خوێندن یەکێکە لە گرفتە هەرە گرنگەکان بەلایی قوتابیانەوە (صبری، 1986، 48)، و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستانیش هەمان ڕۆانگەیان هەیە و لەوبڕوایەدان کە پرۆگرامی خوێندن لە کوردستان گرفتی لێکترازانی تێایدا بەدیدەکرێتن، و هێشتان مامۆستا و قوتابیان بەدەستیەوە دەناڵێنن، چونکە یەکگرتوویی و تەواوکەرێتی تیایدا بەدیناکرێت و خوازیاری چارەسەرکردنینە لە لایەن پسپۆڕانی پەرەوەردەییەوە(أمین،75،2004).

### 2.1. گرنگی توێژینەوە:

ئەگەرچی سنوورەکانی ئازادی تاکی بە گەیشتن بە سنوورەکانی ئازادی کەسانیتر کۆتایی دێتن، و ئەوەش وەك بەشێك لە پابەندییەکانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان و لە چوارچێوەی ڕێزلە یەکتری گرتن، ڕێژەییە (قرنی، 2002، 6)، بەلاّم ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گرنگیدان بە ئازادی تاکی و کۆمەڵایەتی، لە جیهانی سەردەمدا پەرەدەستێنیّ، و هەوڵەکان بۆ ئەوەی ببێتە بابەتێکی بەپێز بۆ بەختەوەری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەردەوامن، تاوەکو بەهۆیەوە تاك و کۆمەڵگە بتوانن ڕووبەڕووی ئاستەنگ و کێشە و گرفت و کۆسپەکانی ژیانی سەردەم ببن (محمد و محمد، 2014، 146). هەرلەو کاتەوە کە مرۆڤ بە ئازادی لەدایك دەبێ، دەیەوێ بە ئازادی و لە جوانمەردی دا بمێنێ، و خۆی و خێزان و کۆمەڵگە و نیشتمانی لە دەستدرێژی و بەدرەفتاری و داگیرکاری بپارێزێ و بە سەربەرزی و سەربەستی و ئازدای بمێنێتەوە، و کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی لە جیهان و وڵاتێکی ئالۆز دا هەمان گرفتی هەیە و مەترسی لەسەر ئایندەی هەیە (گەرمیانی، 2004، 7).

پەروەردە و فێرکردن، وەك یەکێك لە بابەت و پێداویستیەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی خۆی لە پێکهێنان و ئاوەدانکردنی کەسایەتی و هاونیشتمانیەکی ئازاد و بە توانا بۆ مەبەستی خۆناسینەوە و لەخۆبۆردن و خاوەن سروش و چاکەخوازبووندا دەبینیّ ( Сластенин и Чижакова, 2003, 136 )،و لەهەمان کاتدا پەروەردە وەك پرۆسەیەکی سروشتی لە هەندێ قوتابخانەکانی پەروەردەیی، لەسەر یەکێك لە بنەماکانی سەرەکی، کە بریتیە لە ئەزموونی ڕاستەوخۆی قوتابی لە ڕێگەی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ژینگەه، ڕادەوەستێ، کە بڕوای تەواویان بە ئازادی قوتابی هەیە بۆ دەربڕین لە خۆی، و خۆفێرکردن بە ئامانجی سەرەکی پەروەردە دەزانرێتن (سرحان، 2003، 53).

ئازادی، وەك یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ، واتای بەندەنەبوون دەگەینیّ، و یەکێکە لە پێداویستی و خواستەکانی ڕابردوو و ئێستای مرۆڤ، بەلاّم جاری وا هەیە بۆ پێی گەیشتنی تووشی هەڵە دەبیّ و بۆچوونی لاداروی لە لا دروست دەبیّ، و بە ناوی ئازادیەوە دۆخێکی ناڵەبار دروست دەکات، و وادەزانیّ ئەو ئازادییە (الحمیدی، 2013)، تەنانەت زیاتر لە بیست جار لە دیباچەی جاڕنامە گەردوونی مافی مرۆڤ دووبارە بووە (گلوعی، 1390، 469)، و ماددەی (26) ئاماژە بە پێویستی لەبەرچاوگرتنی ئازادییە بنەڕەتیەکان و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ، ئامانجی فێرکردن و گەشەپێدانی کەسایەتی مرۆڤ بێ(ئارام، 2004، 11)، و پەروەردەکارانی هاوچەرخ گرنگی بە پێگەیاندنی قوتابیان لەسەر بنەماکانی مرۆڤگەرایی دەدەن، و بۆ ئەو چەندە پەرتووکی خوێندن لە پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکان بە گرنگ هەژماردەکەن، کە بە هۆیانەوە دەتوانرێتن بەهاکانی هاوچەرخ و مرۆڤگەرایی لە نێو قوتابیان بلاّو بکرێت و کاریگەری بەسەر پێگەیاندنیان و دروستکردنی کەسایەتییان بکرێتن (Ветчинова, 2008, 79)، و دەکریّ ئامانجەکانی سیستەمیّ پەروەردەیی و فێرکردن لە ڕێگەی کەرەستەی وەك پرۆگرامی

خوێندن و پەرتووك و چالاكییەكانی قوتابخانە وەدەست بهێنرێن (الشافعي،1986، 10)، و هاوشێوەی ئەو بنەمایە لە ڕێككەوتنە جیاوازەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان و بە تایبەت ئازادی دەربڕین داكۆكی لێوەكراوە (هامەربێرگ، 2004، 23). بۆیەش دەبینین گرنگیدان بە هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی خوێندن لە وڵاتانی پێشكەوتوو جێگەیەكی تایبەتی لە نێو سیاسەت و بیردۆز و توێژینەوەكانی پەروەردەییدا هەیە(Lundgren, 1979, 42).

متمانەكردن بە گەل یەكەم پرەنسیپی گرنگی دیمۆكراسیەتە، وەك ڕۆسۆ بڕوای وایە، ئەوانەی دەیانەوێ ناچاری بكەن ئازاد بێ بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە ناكەن، و دەیانەوێ بەهۆی دامەزراوەیەكی دروستكراو ئازادییەكانی خۆیانی بەسەر دا بسەپێنن، جۆرێكە لە خیانەت لێكردن لێی (توفیق و ئەوانیتر، 2016، 104)، و لەگەڵ ئەوەی بڕوای وابوو كە مرۆڤە "وەحشیەكەی" جاران زۆر لە مرۆڤی ئێستاكەیی ئازادتر بوو، و زانست و پێشكەوتنەكەی هەموو ئەو ئازادییەی لێ زەوت كرد، و بە تایبەت لە بۆاری پەروەردە و فێركردندا (رانالد، 1383، 9)، و بیرتراند ڕاسێل، فەیلەسۆفی گەورە، لەوبڕوایەدایە كە دەستهەڵات بە بێ زانست زۆر ناخاینێ، و زانستیش بێی ئازادی بیركردنەوە هیچ واتا و بەرهەمێكی نابێ (ڕاسێل، 2011، 176)، و دیمۆكراسیش بە بێی پەروەردە سەرناگرێ ( Nelson, et al, 2007, 11)، و بە پێچەوانەی ڕۆسۆ و كافكا، هەندێ كەس بڕوایان وایە كە زانست بەو گۆڕانكارییانەی لە بۆارەكانی ئابووری و كۆمەڵایەتیدا پێشكەشی مرۆڤایەتی كردووە، بۆوەتە هۆكاری زیادبوونی تەندروستی و ڕەوشنبیری و متمانە و ئازادییەكانی تاكی لە جیهانی ئێستا دا (كمال، 1989، 811)، بۆیە بیرمەندان و پسپۆرانی سیاسی سەردەم لەوبڕوایەدان گرنگە كە ئازادی بە هەموو جۆرەكانیەوە ببێتە فەلسەفەی سیاسی جیهانی تاوەكو بەهۆیەوە ڕێڕەوەی مافی مرۆڤ بەردەوامی پێبدرێتن و ئامانجەكانی خۆی بپێكێ (كلیفلاند، 2000، 56).

پسپۆرانی دەروونزانیش وای دەبینن كە ئازادی مرۆڤەكان و ئاستی دەستەكەوتەكانی پەیوەندییەكی پتەویان لەگەڵ هەندێ لە خەسڵەتەكانی كەسێتی و دەروونددروستییەكەی هەیە (Geller,2008, 21)، و هەندێك لە داب و نەریتە كۆمەڵایەتییەكانی دواكەوتوو لە كۆسپەكانی ئازادی و سەربخۆیی تاكی هەژمار دەكرێن، كە جاران دەبن بە هۆكاری شكستخواردنیان و تەنانەت پەنابردنە بەر خۆكۆشتن (قەرەچەتانی، 2010، 324)، و توێژەرانی وەك ئیساك ڕای و ئەوانیتر (Issac R., et al) پیشانیاندا كە پەیوەندی هەیە لە نێوان لایەنی بەرپرسیارەتی و لایەنی دەروونی و ئازادی ئەنجامدانی تاوان لە لای تاوانباران (Adler, et al, 2004, 78).

سایكۆلۆژیستەكان لەو بڕوایەدان كە بەرهەمەكانی نووسەران و هونەرمەندان، ئەو سیمبۆلانەن، كە لە ئەنجامی تێگەیشتنێكی ئازادنە و وەرگێڕانیان، لە كاتەكانی ڕابردوو و ئێستای شتەكان و بیروباوەر و شتەكان و بۆچوونەكانەوە پەیدا دەبن، نەك تەنها هەڵگری واتا و ڕامانن، بەڵكۆ وزەیەكی ڕۆحییان تیایدایە، كە ڕەنگدانەوەی خۆدی مرۆڤەكانن ( Мещеряков и Зинченко, 2007, 438)، و فرۆید ئازادی بە نەست، و ستانلی هۆڵ بە گۆڕانكارییە بایۆلۆژییەكان، و جۆرج مید بە بەها كۆمەڵایەتی و ناسنانەی تاكی دەبەستنەوە ( Tozer, et al, 2002, 103).

ئێحسان نەراقی، پسپۆری پەروەردەیی كە ساڵانێك لە نێو ڕێكخراوی یۆنسكۆ كاری كردووە، وای بۆدەچێ كە سەنتەرەكانی پەروەردەیی دەتوانن بە فێركردنی قوتابیانی گەنج لە هەڵگرتنی ئەركی بەرپرسیارێتی، و گەشەپێدانی بیركردنەوەیان و گرنگیدان بە ڕێكخستن، ئازادی بپارێزن، چونكە ئەگەر ئەوان نەزانن و فێری ئەوە نەبن كە كۆمەڵگەیەكی ئازاد تەنها بە ڕەنج و ماندووبوون دادەنرێتن، هەرگیز بەها نرخەكەی نازانن و گرنگیشی پێنادەن، و ئۆتۆماتیكیەن دەبن بە دوژمنی ئازادی خۆیان، و ئەوە لەكاتێكدایە كە ئاستی ئازادی ئەوان پەیوەستە بە ئاستی دابینكردنی پێداویستیەكانی ژیانیان (نراقی، 1354، 186)، و هەمان بیرۆكە لای ئێلانوور هەیە، و بۆ گەشەیەكی سروشتی و كاریگەرانە بە گرنگی دەبینێ (Eleanor, 2001, 66). واتە وەك توێژینەوەكانی زانستی پیشانیان داوە ئازادی یەكێكە لە فاكتەرە كاریگەرەكانی پەیوەندی نێوان قوتابیان و هاوڕێیانیان (Easton, 2009, 288)، بۆیە پێویستە لە میانەی پەیوەندی قوتابیان و تاكەكانی دەوروبەر دا بۆ مەبەستی ڕێزگرتن لە یەكتری و هەبوونی ڕۆحی هاوكاریكردن پشت بە دروستكردنی دۆخێكی ئازادانە بدرێتن تا تیایدا بە ئارەزووی و ویستی خۆی دەربڕین لە گرفتەكانی بكاتن و بتوانێ بەهۆیەوە بەسەر ئەو كۆسپ و تەگەرانەی دەبن بە هۆكار ناجێگیری دەروونییەكەی، زاڵ ببێ (الشیبانی، 2000، 219). و تەنانەت دەروونزانی گەورەی ڕووسی، لێڤ ڤیگۆتێسكی دوای توێژینەوەی لایەنەكانی چەمكەكانی پەروەردەیی و فێربوون، وای دەبینێ كە كاریگەری پەیوەندییەكانی قوتابیان لەگەڵ دایك و باوك و مامۆستایان و قوتابیانی گەورەتر و كاراتر و چالاكتركردنیان و پێشخستنی تواناییەكانیان زۆر گرنگ و كاریگەرە و بە بهایە، و بەتایبەت لە بۆارەكانی زمانەوانی و بابەتەكانی وێژەییدا ( Krajcik, et al, 2003, 64 ; Krogh and Morehouse,2008, 14)، چونكە زمان ناسنامەی نەتەوەكانە (محەمەد، 2004، 93)، و كەلتوور هەرگیز لە زمان جیاناكرێتەوە، و كەلتوور و فەرهەنگ پاشكۆ و زمان گیانێ كۆمەڵگا

تەواوکەری یەکتر و پارێزەری ناسنامەی نەتەوەیین (بەرواری، 2010، 217)، و وەك زۆر زانا تیایدا كۆكن كە چەند زمان كاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی هزرکردن (الوردی، 2013، 70)، و کەرەستەیەکە بۆ بیرکردنەوە و دەربڕین لە هەست و سۆز و وێژدانی مرۆڤ و تێگەیشتن لە حەز و ئارەزوویەکانی کەسانیتر (محمد، 2004، 390)، و بەهەمان شێوەش ڕێزمان ڕێگەی فێربوونی زمانە بە شێوازێکی زانستیانە(باوانی، 2002، 79)، و لە سۆنگەی ئەوەی کە مامۆستایان ڕۆڵێکی بەرچاو لە دەستکەوتەکانی قوتابیان دەگێڕن، بۆیە فێرکردنی چەمکەکان لە ڕێگەی پرۆگرامی خوێندن و چالاکییە جیاوازەکان و شێوازی وانەگوتن، زۆر بە گرنگ دەزانرێتن (Friedl, et al, 2005, 2 " حەمەد، 2004، 92)، و بە تایبەت کاتێك کە هەندێ پێداویستی سەرەکیی قوتابیان دابین دەکەن، وەك نموونە ئازادی ( القحگانی و العنزی، 2014، 124)، و پسپۆران ئازادی جووڵە بە یەکێك لە قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ هەژمار دەکەن، کە تیایدا بە یارییکردنی بە تەنیایی، منداڵ بە هەڵپەڕین و جووڵەی جیاواز دەربڕین لە هەستەکانی دەکاتن (السید، 2001، 72)، و لەگەڵ ئەوەشدا، پسپۆرانیتریش ڕۆڵی بەهاکانی کەلتووری و فەرهەنگی لە دانانی بەردی بناغەی چەمکەکان لە ناخی قوتابیان بە گرنگ دەبینن (Schuttz, 2008, 103)، و بە تایبەت ئەو چەمك و بەهایانە بە ڕێگەکانی وەك بەشداری چالاکانە لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی و چالاکییەکانی کۆمەلایەتی و کەلتووری و فەرهەنگی زیاتر پەرەدەستێنن و گەشەدەکەن (Gauvin, 2002, 83)، و بۆیەش پسپۆرانی وەك شێلا ستانلی (Sheila Stanely, 1977) وای بۆ دەچن کە فێربوونی چەمکەکان بۆ قوتابیان گرنگە، چونکە کاریگەری بەسەر توانستەکانیان هەیە، و ئەو چەمکانە لە لایەنیانەوە و لە کاتی چالاکیەکانی قوتابخانەیی و ژیان دا وەك وشە و برگە بۆ دەربڕین لە جووڵە جۆراوجۆرەکانیانەوە بەکار دێن ( Graham, et al, 2001, 25).

توێژینەوەکانی ئێدوارد تۆلمان (E. C. Tolman, 1932) دەریانخستووە کە لە فێربوونی گیانەوەرانی تاقیگەهی دا، بۆ نموونە مشکەکان، کەمبوونی ئاستی پشتگیری (تعزیز) لە جۆری هەستکردن بە نەبوونی ئازادی جووڵەکردن، کاریگەری نەرێنی بەسەر هەژماری هەوڵکانیان بۆ سەرکەوتن دەکاتن ( Hothersall, 2004, 491)، و توێژینەوەکانی هێرزبێرگ پیشاندەدەن کاتێك تاك بە ئازادی ویست و ئارەزووی خۆی کار دەکاتن پاڵنەری خۆدی لە لای بەرزتر دەبێ، چونکە بە بەهادان بەو کارە و پیشاندانی ئاستێکی بالای نواندن، ڕێژەی سەرکەوتنی زیاتر دەبێ (أرجایل، 1993، 51).

هەندێ لە بسپۆران بە پەیوەندیدانی ئازادی لەگەڵ بیرکردنەوە دا، هاوکات وای بۆ دەچن لە هەندێ کۆمەڵگەی وەك ڕۆژئاوا، هەرچەندە کە مرۆڤەکان لە بیرکردنەوە و بڕیاردان لەبارەی ئەوەی دەیانەوێ ئازاد بن، بەلام ناتوانن هیچ شتێك و ڕاستیەك لە ژیاندا بگۆڕن (Ruggiero, 2004, 27)، وێڕای ئەوەی کە کەلتووریان بە هەموو توانایەوە هەوڵی پەروەردەکردنی تاکەکانی دەداتن لەسەر بنەماکانی تاکگەرایی، سەربخۆیی، ئازادگەرایی، پێداگری (Thirumurthy, 2008, 70)، و ساموئێل هانتیگتۆن، سیاسەتوانی ناوداریش بە هەمان شێوە باس لە بەهاکانی جیهانی و دیمۆکراسی و ئازادی و ئابووری لەو کۆمەڵگایە دەداتن، و ئەگەرەکەشی لە زیادبوونی ئاستی ململانێیەکانی جیهان لە ئاییندە دا دەزانێ (Huntington, 2009, 226).

ئەم پارچەیەی کوردستان، کە لە ژێر ڕکێفی بەغدا بووە لە ڕێگەی داڕشتنی هەستی نەتەوایەتی لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی دا پشکی شێری بەرکەوتووە و ئەوەش لە ڕێگەی پەیوەندیدانی چەمەکی ئازادی لەگەڵ هەستی نەتەوەگەرایی و دیمۆکراسیەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و و بەتایبەت دوای شۆڕشی ئەیلول (ابراهیم، 2010، 279)، و وێڕای ئەوەی کە ئەم ئازادییە و ئازایەتی کورد تێکەڵی جەنگە ناوخۆییەکان بووە (بێشکچی، 2010، 9)، بەلام پەروەردەکاران ئامانجی سەرەکیی خەباتی کوردستانیان لە پێناو ئازادی ولات دەبینن (ئەمین، 2002، 35)، و ڕۆشنبیرانی ئایینەکان لە کوردستان داکۆکی لە مافی مرۆڤ و ئازادی ئایینی و گێرانی بۆنەکانیان، و ڕێزگرتن لێیان دەکەن، وەك بەشێك لە فەلسەفەی پێکەوە ژیان، و بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی (الختاری، ب.ت.،9 " فاید، 2008، 122)، و کوردستان بە گشتی و بەتایبەت لە پەروەردەیی هەمیشە جێگەی پێکەوە ژیان و پێدانی ئازادییە بۆ گشت نەتەوە و ئایینەکان، و ئەو ڕاستیە بە گەواهی ڕاپۆرتەکانی نێونەتەوەیی، کە سایتی فۆرن پۆلیسی و نیێر ئێست پۆلیسی ڕیسێرچ (CFNEPR) نموونەیەکە لەو بەلگانەی ئاماژە بە گرنگیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو لایەنە (نیێر ئێست پۆلیسی ڕیسێرچ، 2017، 2)، و ئەو چەندە خۆی لە بەهەندوەرگرتنی زۆر بەهای کۆمەلایەتی پەیوەندار بە مافی مرۆڤ، لەنێو سیستەمی خوێندن لە هەرێمدا ڕەنگداوە (ئەحمەد، 2000، 57)، و لەو ڕۆانگەیەوە ڕۆشنبیرانی کورد لەوبڕوایەدان کە دەبێ سیستەمی پەروەردەیی هەرێم گۆڕانکاری ڕیشەیی پەیرەو بکات تاوەکو ببێتە سیستەمێکی ئازاد و دامەزراوەیەکی زانستی سەربخۆ و بێلایەن لە پەروەردە و فێرکردندا، و بە تایبەت لە بۆاری میتۆد و پرۆگرامی خۆێندندا و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی زانا و پسپۆرانی جیهان (گەرمیانی، 2004، 81)، تا قوتابی فێری ڕێزگرتن لە ئازادی خەڵکیتر، و ژیان و کارکردن ببێ (جۆمعا، 2003، 88)،

چونکە بابەتی وێژەیی بەهەموو جۆرەکانیەوە کاریگەری لەسەر پەروەردەی قوتابیان هەیە (حیتو، 2002، 71)، و فێربوونی چەمکی نوێی پەروەردەیی وەك ئازادی بۆ قوتابیانی کورد گرنگە تابتوانن لەگەڵ پێشکەتنی زانستیی جیهانی بگونجن(رەشید، 2002، 13)، بەتایبەت کە وەك رۆشنبیرانی کورد لەوبڕوایەدان کە مەترسی لەسەر ناسنامە و کەسایەتی کورد هەیە، و دەبێ ئەو دوو فاکتەرە بەیەکەوە ببن بە هێزێکی مەزن بۆ ئازادی و پێشکەوتنی ژیان(بالآیی، 2010، 125).

توێژینەوە و سەرچاوە زانستیەکان ئاماژە بەوەدەدەن کە گرنگیدان بە بابەتی چەمکەکان لە بۆاری وانەگوتن دا بۆوەتە بەشێك لە ئاراستە پەروەردەییەکانی هاوچەرخی توێژینەوەکانی کۆمەڵایەتی، چونکە پێیان وایە چەمکەکان وەك تۆڕێکی پەیوەندییەکان خۆی لە ستراکتووری بۆاری زانەکی (مەعریفی) تاك دا دەبینێ، و دەبێتە هاوکاری بۆ پەرەسەندنی ئاستی ئەزموون و فێربوونی (الگائی و السلیفانی، 2014، 125). دیارە لەو بۆارە دا بابەتی زمانی کوردی و پەیوەندی نێوان تۆخمەکان لە ڕێگەی وشەکان، وەك شێوازێکی تەکنەلۆژیای فێرکردن گرنگی خۆی هەیە (جانۆ، 2004، 20)، چونکە بریتیە لە جووڵەیەکی هزری و بەردی بناغەی گەل و چۆنیەتی بیرکردنەوەی (ئەحمەد، 2002، 75)، و تەنانەت سەرۆکی ئەنیستیتۆی زمانی کوردی لە ئەڵمانیا وای بۆدەچێ کە تا منداڵ زمانی دایك باشتر فێر ببێ فێربوونی زمانێکی بیانی ئەوەندە بۆی ئاسانتر دەبێ (عۆمەر، 2018: ب.ب.)، بۆیە پەروەردەکاران لە کوردستان هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی خوێندن بە ئەرکێکی گرنگی پەروەردەیی دەبینن تا بزانرێتن توانیویانە ڕێڕەوەی گونجاو و راست و بیری زانستی هاوچەرخە بخاتە نێو مێشکی قوتابیان (محەمەد، 2003، 97)، و تەنانەت هەندێکیان خوازیاری گۆڕانکاریین تیایدا تا بگونجێ لەگەڵ پێداویستیەکانی قوتابیان و بە تایبەت بابەتی زمان و وێژەی کوردی قۆناغی ئامادەیی (حاجی، 2002، 74).

و گرنگی ئەم توێژینەوە خۆی لەوە دا دەبینێ کە یەکەم جارە ئەو بابەتە و بەتایبەت لە نێو پرۆگرامی خوێندن لەو قۆناغەدا بخرێتەبەر توێژینەوە، و ئەنجامەکانی دەتوانرێتن وەك پێگەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و زانستی لە لایەن لایەنە پەیوەندارەکانی هەرێمی کوردستان و بۆ بووژانەوەی ئاستی پێکەوە ژیانەکەی تیایدا بە گشتی، و لە هەمان کاتدا بە چاوێکی پڕ بابەخترەوە لە پرۆگرامی خوێندن و توێژی قوتابی لە قۆناغی هەستیاری هەرزەکاری دا، و لەبەرچاوگرتنی ناوەرۆکەکەی بە پێی بیردۆز و بنەماکانی زانسی و پەروەردەیی و دەروونزانی سوودی لێوەربگیرێتن.

### 3.1. ئامانجەکانی توێژینەوە:

ئامانجەکانی توێژینەوە ئەوانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

**ئامانجی یەکەم:** زانینی ئاست و ڕێژەی دووبارەبوونی چەمکی ئازادی لە ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن و بە تایبەت بابەتی زمان و وێژەی زمانی کوردی بە:

1– شێوەیەکی گشتی. 2– بە پێی قۆناغی خوێندن.

3– بە پێی بۆارەکانی ئازادی.

**ئامانجی دووهەم:** زانینی ئاستی واتاداری دووبارەبوونی چەمکی ئازادی لە ناوەرۆکی بابەتی زمان و وێژەی زمانی کوردی بە پێی:

1_ قۆناغی خوێندن. 2– بۆارەکانی ئازادی.

### 4.1. سنووری توێژینەوە:

توێژینەوە هەر سێ بەرگ و پەرتووکی بابەتی ( زمان و ێژەی زمانی کوردی ) بڕیاردراو لە لایەن وەزراەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان–عێراق لە قۆناغی ئامادەیی بەخۆیەوە دەگرێ.

### دەستنیشانکردن و پێناسەی چەمك و زاراوە سەرەکییەکانی توێژینەوە:

**چەمك** (Concept):

**پێناسەی کوون:** "بیرۆکەیەکی گشتییە دەربڕین لە چین یان کۆمەڵێك شت یان بابەت و ڕووداو دەکاتن کە پێکەوە بەستراو و پەیوەندارن " (Coon, 1997, 356).

**پێناسەی هۆرنبای**(Hornby):" بیرۆکە یان بنەمایەك لەبارەی شتێك کە پەیوەندی بە شتێکیترەوە هەیە" ( Hornby, 2003, 252).

ئازادی( Freedom یان الحریە):

**پێناسەی جۆن ئێستوارت میل:**" ئازادی لەو کارە دەبینێ کە تاك پێی خۆشە ئەنجامی بدات "(سکینر، 1980، 30).

**پێناسەی سکینەر:** "کاتێك بیرکردنەوەیەکی ئازاد بۆ کەسێك دەڕخسێ یان هەست بە ئازادی بکات" (سکینر، 1980، 30).

**پێناسەی شاسواری:** "ئازادی پێوەری چەمکەکانی زمان و دەستهەڵاتە" (شاسواری،2007، 107).

**پێناسەی فرۆم:**" بریتییە لە هەڵوێست یان ئارەزوو و بەشێکە لە بنیاتی کەساتییەکی بەرهەمهێنەر و تەواو پێگەیشتوو" (فروم،2011، 177).

**پێناسەی وەیس** (2016): "بریتییە لە ئەو شتەی مرۆڤێك بە بێ دەستێوەردانی ئەوانیتر ئەنجامی بدات" (توفیق و ئەوانیتر، 2016، 69).

**پێناسەی شێروانی:** "ئازادی بریتیە لە سەربەخۆیی و بەهایەکی مرۆڤی–کۆمەڵایەتییە " (شێروانی، 2014، 10).

**پێناسەی تیۆریکی توێژەر** ئازادی بریتیە لە توانایی ئەنجامدانی رەفتارێك بێی ئەوەی هیچ کۆسپێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، فەرهەنگی و کەلتووری، ئابووری، و دەروونی ڕێگر بن لە گەیشتن بە

ئەنجامی مرۆڤێك، و پێناسەی ڕێككاریی چەمكی ئازادی لە لایەن توێژەر بریتیە لەو نمرەیەی هەر یەك لە جۆرەكانی ئازادی لە پێوەری بەكارهاتوودا وەریدەگرن.

## 2. ئەدەبیات و ویژەی توێژینەوە و توێژینەوەكانی پێشتر

لەم بەشە ئاماژەیەك دەدرێت بە هەندێ لایەنی گرێدراو بە بوارەكانی توێژینەوەكە لە نێو ئەدەبیات و وێژەی سەرچاوەكانی پەیوەندار بە بابەتی توێژینەوە، بە شێوەی خوارەوە:

**أ – ئەدەبیاتی توێژینەوە :**

**چەمك** (Concept):

یەكێكە لە فۆرمەكانی بیركردنەوەیە، و ناوی پەرتووكێكی ئەرەستۆیە، و لە زماندا بە وشە دەردەبرێن(عزیز، 2009، 32)، و چەمكەكان ئەركی جیاوازی وەك پۆلینكردن، تێگەیشتن و لە یەكتر جیاوازكردن، پێشدیتن، بەبەڵگەكردن، پەیوەندیكردن، جێبەجێ دەكەن (ێیسنك، 1379، 439)، و دەتوانین بە نۆمایشێكی سایكۆلۆژیكانەی مەعریفی خەسڵەتە هاوبەشەكان هەژمار بكرێت، كە بەرهەمی پێكهاتنیانە لە مێشك دا و بەرپرسیارە لە رەفتارەكانی تاك لە هەڵسوكەتەكانی ڕۆژانەی دا لەگەڵ ژینگەی دەرەكی دا (پورأفكاری،1380، 296). ئەگەرچی ئایینەكانی ئیسلام (العیسوی، 2009، 124" سعید، 2008، 166)، و ئەوانیتریش لە شوێن و بە ڕەنگی جیاواز دا داكۆكی لە ئازادی دەكەن وەك پێداویستیەكی مرۆڤ لە سنوورێكی دیاریكراو دا، بەڵام بەر لەو قۆناغانەی ئایینی، لە سەر ئاستی كوردستانی، ئازادی مێژوویەكی دێرینی هەیە. لە (یەسنا/ هاتی 31/ بەندی 11) ی ئاڤێستا بەو شێوەیە باس لە بەخشینی ئازادی لە لایەن یەزادن بە مرۆڤ دەكات: " ئەو كاتەی كە بە دروستكرنی مرۆڤەوە خەریكبووی، و هەیكەلەكی ئەوت دروستكرد، و ڕۆحت پێیدا و گیانت تیایدا چاند، و لە سروشتی چاكی خۆتەوە، لە پەیكەرەكان دا ڕووناكایت ناسی، و چاكە و خراپەت ئافراند، و هێزی كار و زانیاریت بە دیاری پێدان تاوەكو هەر كەسێك ئازادانە ئایینی خۆی هەڵبژێرێ" (رەزا، 2012، 406)، و لە شوێنیتریش زەردەشت بە ئاشكرایی داوای ئازادی جووڵە و مرۆڤەكان دەكاتن ( Fisser and Powers, 235 :2004)، و ئەوەیە كە یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی ئایینی زەردەشتی ئەوەیە كە مرۆڤی پێ خاوەنی ویستێكی ئازاد و بەرپرسیارە لە گشت كردارەكانی و چارەنووسی ژیانی، نەك كەرەستەیەك بێ لە دەست سیستەمی پیشەسازی دا (مهرین،2003، 219). وەك بەشێك لە بابەتی ڕەوشت، فەیلەسۆفانی وەك ئەفلاتۆن، و كانت، و هێگێل ئازادی تاك لە پابەندی و ملكەچی بۆ دەولەت دەبینن (ابراهیم،2004، 281)، و ئەوە هەمان ئەو باوەرەیە كە لە شارستانیەتەكانی وەك ئاریاییەكانیش بوونی هەبووە و لە سیستەمی پەروەردەیی و فێركردندا بایەخی پێدراوە (علی،1999، 271).

لە چەرخەكانی نوێی خەباتی كوردەكان بۆ ئازادی، و دوای زۆر كارەساتی گەورە، بەردەوام لە دژی ئۆسمانی و سەفەوییەكان راپەرینیان كردووە، تا بتوانن لە ولاتی خۆیان بە ئازادی بژین، و نموونەی ئەو شۆڕشانەش ئەردەلانیەكان، بەدرخانیان و شیخ عۆبەیدوڵای نەهری و ... هتد، بووە (الخلیل، 2012، 260).

لە قۆناغەكانی مێژوویی شارستانیەتدا، هەندێ لە بەها و باوەرەكانی كۆمەڵایەتی، وەك ئازادی و چاكە و ڕاستی بە تێپەڕبوونی كات دانپێنانیان دەسكەوت، دواتر بوون بە بەشێك لە نۆرمەكانی كۆمەڵگەكان (Ильин и друг., 2007, 247)، و سامۆئێل هانتیگتۆن و فلیپ ئشتمیر، وای دەبینن كە ئەو شەپۆڵانەی ئازادی كە لە ساڵانی (1828) لە ئەورۆپا دەستیان پێكرد زۆری نەخایاند و كۆتایی پێهات(بەشیری، 2005، 198). لە قۆناغێ رێنێسانس دا بیرمەندان وایان دەزانی كە كەسایەتی وەك كەرەستەیەكی میكانیكی وایە، و هیچ خۆشەویستی و ئازادیی لە ناخدا نیە، و تەنها بە پێی چوار پێكهاتەكانی خوێن و بەلغەم و زەردایەتی و ڕەشایەتی ئاراستە دەكرێ (حیتۆ، 2013، 136)، بەڵام لەسەر ئاستی جیهانی ئازادی پەیوەندی بە بابەتەكانی وەك دیمۆكراسی و لە قۆناغی ئێستا دا بەجیهانیبوونەوە هەیە. دیاردەی بەجیهانیبوون یەكێك لەو چەمكانەیە كە لە سەدەی بیستەم سەرێ هەڵداوە و پەرەی سەندووە، و لە یەكێك لە قۆناغەكانی هاتنەكایەی دیاردەی بەجیهانیبوون ( العولمە یان Globalization )، كە بۆ سەرەتاكانی دەهەی پەنجای سەدەی ڕابردوو دەگەرێتەوە كە هاوكاتبوو لەگەل بەرزبوونی ئاستی جموجۆڵی بازرگانی جیهانی و سەرهەڵدانی بازاڕی ئازاد و یەكێتیە گۆمركییەكان ( حسین، 143،2011 )، و تیایدا هەم سەرچاوەكان و ئەنجامەكانی ناسنامەی مرۆڤایەتی، و هەم ئاستی ئازادی تاكیش بەرزبوونەوەیەكی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە (گوڵمۆحەممەدی، 2007، 250)، و ئەوەش بەشێكە لە گەشەی چەمكی ئازادی بە هەموو ڕەهەندەكانیەوە لە جیهان بە گشتی، چونكە بە تێكڕا جیهانگەرایی، تەنها بە دیاردەیەكی ئابووری ناژمێردرێت، بەلكۆ هەموولایەنەكانی كەلتووری و جڤاكی، و سیاسیش بە خۆیەوە دەگرێت.

لە بابەتە هەرە گرنگەكانی پەیوەندار بە سەردەمی بەجیهانیبوون گرنگیدانە بە بەها كۆزمۆپۆلیتانیەكان یان بەهاكانی هاوڵاتی جیهانیبوونە كە لە راست خۆیدا پەیوەستە بە ڕەهەندە سیاسیەكان و بە تایبەت پەیوەندی نێوان ولاتان و ڕوانگەیان بەرامبەر بە یەكتری و لە سەر بنەماكانی سەروەری یاسا و مافەكانی مرۆڤ و دەستهەڵاتی گشتی دابەشكردنی دەستهەلات و بابەتی

دیموکراسیەت کە هەموویان بە یەکەوە ئاماژەن بۆ دیموکراسیەتی لیبرالی (هوفه، 2010، 211)، چونکە دیموکراسیەت رۆڵێکی دیار دەگێریتن لە گۆڕینی مافەکانی مرۆڤ و پیادەکرنی بە شێوازێکی پراکتیکی و کرداری لەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا ڕەچاودەکرێت(عبدالله، 1997، 107–127 )، و دیموکراسیەت هەمان ئەو دەستوورەیە کە ڕێگا نادات دەستهەڵاتی بڕیاردان و دادوەری و یاسادانان پێشوەختە بدرێتە هیچ لایەك، ئامانجی یاساش، وەك جۆن لۆك دەڵێت بریتیە لە پاراستنی ئازادی و فراوانکردنیەتی (توفیق و ئەوانیتر، 2016، 70).

دۆبرامایێر، یەکێك لە هزرڤانانی بەناوبانگی هاوچەرخ لە پەرتووکی خۆیدا ( فێرکردن و پەروەردە بەرەو دیموکراسیەت ) هاوکات لەگەڵ داکۆکیکردن لە سەر بابەتی فێرکردنی دیموکراسیەت و ڕەهەند و پێکهاتە و ئەلەمێنتەکانی لە سیستەمی پەروەردەیی و بە تایبەت قوتابخانەکان، ئەو چەندە بە جووڵەیەکی نوێ لە بۆاری پەروەردەیی دا هەژمار دەکات، و وەك ڕێگایەك بۆ پەروەردەکرنی هاولاٌتیەك کە بتوانێ فێری چۆنیەتی بیرکردنەوە ببێ، پیشاندەداتن ( کریمی، 2007 ، 232 )، و ئەوەش لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەك بسپۆران لەبڕوایەدان بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی و بە تایبەت لەو ولاٌتانەی دیموکراسی پەیڕەوی دەکەن، بە یەکێك لە فاکتەرەکانی بزواندن و شۆڕشەکانی کۆمەلاٌیەتی هەژماردەکرێت (سالم، 2003، 98)، هەر چەندە کە هندەك لایەن و پسپۆر لەو بڕوایەدان کە کە بواری رۆشنبیری نەك تەنها کۆسپ و تەگەرە نیە بەلکۆ کەتوار ( واقعێکی ) کۆمەلاٌیەتی و ئابووریی کە دەکەوێتە نێوان تاك تا بیروبڕواکانی خۆی بە ئازادانە دەربڕێ و لەگەلیشیدا ترس و دواکوتوویی، و تێنەگەیشتن لە گرنگی دیموکراسیەت بەرهەمی هەژارییە و بە شێوەیەکی بەربلاٌو لە ئارادایە (عبدالحمید، 2004، 160). لە لایەکی ترەوە هەندێ لە پسپۆران لەو بڕوایەدان کە لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان بەجیهانیبوون و پرۆگرامەکانی خوێندن ئەو ئاراستەیە لەبەر چاو بگیرێت کە بۆ گەشەی کەسایەتی قوتابی بە هەموولایەنەکانیەوە دەبێ هەوڵ بۆ ئەوە بدرێت کە بتوانێ لەلایەنی کەلتووری کراوە بێ و بتوانێ لەگەل ئەو دیاردەیە خۆی بگونجێنێ لە ڕێگەی تێگەیشتن و بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە لایەنە ئەرێنیەکانی و بەکارهێنانی لە پێناو بەرژەوەندییە گشتییەکانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە (الخوالده،287،2007). ئەوە دەمانباتە سەر خاڵێك و پرسیارێك کە بابەتێکی تری گرنگ و پەیوەندار بەو ئاراستەیە، کە لە نێوگۆڕەپانی سیاسەتی هاوچەرخ شان بە شانی دیموکراسی و بەجیهانیبوون گەشە دەکات، ئازادییە، کە ئەم بنەمایە یەکێك لە ڕەهەندەکانی سەرەکیی بەهای یەکسانی نێوان مرۆڤەکانە، کە لەوە دێت کە سەرپێبوونی هەموو مرۆڤەکان بۆ یەك سەرچاوە دەگەڕێتەوە، کە ئەویش یەکسانیە ، کە لە هەمان کاتدا ئەوە دەگەینێت کە هەموویان ئازاد لە دایك دەبن و ئازاد دەژین، بۆیە قۆرخکردنی ئەم ئازادیە لە لایەن مرۆڤەکانەوە بەرامبەر برا مرۆڤەکانی کارێکی پەسندنەکراوە ( رشوان، 2012، 292)، و ئازادی پابەندییە بەو سێستەمەی کە یاسا بڕیاری لەسەر داوە و سیستەم لەم بەینە دا گرنگیەکی تەواوی هەیە چونکە ملکەچییەك بە ویستی خودی مرۆڤ بۆ یاسایە کە ئازادی لە بەرەلاٌیی جیاواز دەکات (عبدالله، 1997، 113 ). بە واتایەکی دیکە ئازادی مرۆڤەکان رەها نیە بەلکۆ لە چوارچێوەی سنوورەکانی کۆمەلاٌیەتی، جەستەیی، سۆزداری، سیاسی و یاساییە، و ئازادی تایبەت و کەسایەتی هاوکاتە لەگەڵ رەوشت و هەستی بەرپرسیارەتی تاك (ناصر، 2006، 111).

و لە ڕۆانگەی ئەوەی کە ئازادی وەك یەکێك لە پێداویستییەکانی مرۆڤ هەژماردەکرێت، دەتوانین وەك جۆزێف کرۆل لە تیۆری خۆی لەبارەی پێگەیشتن و بیردۆزی وێژەیی (1950) دا ئاماژەی پێدەکات دەبێ تۆێژینەوەی بەرهەمەکانی وێژەیی لە ڕۆانگەی دەربڕین لە پێداویستی و بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ، کە خۆی بوونەوەرێکی زیندوو و تەواوبوو لە پێگەیشتن هەژماردەکرێت، ئەنجامبدرێن (ایبرمز و هرفم،1387، 87).

**تیۆرییەکانی پەیوەندار بە چەمك:**

لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆبێرت ل. گۆلدستۆن ( Robert L. Goldston) و داگلاس ل. مێدین (Douglas L. Medin) بڕوایان وایە کە خەیاڵپالاٌوییە ئەگەر وا بیر بکەینەوە کە هەموو تیۆرییەکانی لەبارەی چەمەکان دروست و گونجاو بن، بەلاٌم چەند نموونەیەك لە تیۆرانە پێشکەش دەکرێن:

**تیۆری کلاسیك:** بۆ یەکەمجار لە لایەن ئەفلاٌتۆنەوە سەرێ هەڵداوە، و ڕۆڵێکی مەزنی لە دەروونزانیی زمانەوانی دا هەبووە، و بڕوای وایە کە گشت چەمکەکان لە رووی ڕێکخستنەوەیان لەسەر بنەمای خەسڵەتەکان، وەك ژمارە جووتەکان وان ( ئێیسنك، 1379، 437).

تیۆری جۆری نموونە: وەك هەڵگەڕانێك لە دژی کلاسیکیەکان پەیدا بوو، و پێی وایە کە چەمکەکان لە جۆرێك و نموونەیەکی دیار و باشترین نموونەی چەمکەکان سەر هەڵدەدەن، کە خاوەنی بەربلاٌوترین یان تایبەتمەندیترین خەسڵەتەکانن، بە واتایەکی تر وێکچوونی نێوان برگە یان جۆرێکی نموونەی چەمکێك دیار دەکاتن کە ئایا تا چ ئەندازەیەك ئەو برگەیە هاوشێوەی ئەو چەمکەیە ( ئێیسنك، 1379، 438).

**تیۆری پیاژێ:** پیاژێ لە تیۆرییەکەی خۆی بە ناوی بنیاتنانەوە، لە دابەشکردنی قۆناغەکانی گەشەی هزری و بیرکردنەوە دا مرۆڤ بەسەر چۆار قۆناغی سەرەکی دا دەربازدەبن، کە تیایدا کاریگەری

ژینگەهـ و لایەنی دەروونی بە گرنگ دەزاندرێن (بکداش، 2000، 126)، و بڕوای وایە کە لە ساڵانی (5–12) ساڵیدا، چەمەکەکان لای مرۆڤ گۆڕانی بەسەر دا دێت، و لە جۆری ڕێژیی دەبن بە جۆری کەتواری واقعیانە، و لە هەڵوێستی جیاواز دا سوودیان لێوەردەگیرێتن، و مرۆڤ لە سەر بنەمای ئەوانەوە هەڵسەنگاندن بۆ ڕەفتارەکانی خۆی دەکات، و تاڕادەیەکی زیاتر لە جاران بە ئازادانە لە ژینگەی خۆیدا کراوەتر دەبێ و زیاتر تیایدا قووڵ دەبێتەوە، و زیاتر پابەندی یاسا ڕەوشتیەکان دەبێ و چەمك و بەها ڕەوشتیەکان گۆڕانکاری زیاتریان بەسەردادێتن(مقدم،1381، 30).

**تیۆری نموونەی چاولێکەری** (exemplar theory): برۆکس (Broocks, 1978) خاوەنیەتی، و لەوبڕوایەدایە کە چەمکەکان کاتێك بە چەمك هەژمار دەکرێن کە دوای بەراوردکردنیان لەگەڵ نموونە و چەمکێتر دا دەرکەوت پێداویستیەکانی بە چەمکبوونی تێایدایە، و ئەو کات بڕیار دەدرێتن کە وەك چەمك هەڵسوکەوتی لەگەڵ دا بکرێتن و وەك چەمکێك لەو گرووپە دا پۆلێن بکرێتن ( ئێیسنك، 1379، 439).

**تیۆری چەمکەکان وەك پەیوەستبوون بە بیردۆزەکان:** توێژەرانی وەك ( کری، 1985، و مۆرفی و مێدیێن، 1985، و کیل، 1987) کاریان تێایدا کردووە و وای بۆدەچن کە چەمکەکان لەسەر بنەمای زانست بە گشتی و ئەو بیردۆزە جیهانیانەی کە باس لە چۆنیەتی و پێکهاتە و ستراکتوور و دروستبوونی چەمکەکان دەکەن، دادەنرێن ( ئێیسنك، 1379، 440).

**تیۆری ئی. هوتن:** ئاماژە بە فێربوونی چەمکەکان دەداتن و چەمك بارێکی دەروونی و ڕەفتارێکی هۆشی،و پێکهاتەیەکی زانەکی(مەعریفی) و بیرکردنەوەییە، کە لەڕێگەی زمان و پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستایەوە ڕوودەدات(حەمەد،2004، 91).

**تیۆری ڕوانین لە بەرامبەر بنەکای بیردۆزانە:** هاوکات لەگەڵ داننان بە کاریگەری بیردۆزەکان، ڕێژە و ئاستی وێکچوونی تایبەتمەندییەکانی بەرچاو و بینراوی چەمکەکان بۆ بنیاتنانەوەیان بە گرنگ دەزانن ( ئێیسنك، 1379، 441).

تیۆری نەگۆڕی چەمکەکان: کەسانی وەك بارسلۆ(1989) و **هەڤالانی** وای دەبینن کە چەمەکەکان جۆرە جێگیریان تیایدایە و لە مێشکماندا گۆڕانیان بەسەردا نایێت ( ئێیسنك، 1379، 442).

**تیۆرەکانی پەیوەست بە ئازادی:**

چەمکی ئازادی لە نێو تیۆرییەکانی دەروونزانی دا شوێنێکی تایبەتی هەیە، بۆ نموونە لە تاقیکردنەوکانی سکینەر لەسەر چەند گیانەوەرێك، و بەتایەت ئەوەی پەیوەستە بە ئازادی جووڵەیان لە نێو سندۆقەکاندا، ئەو ئازادیە، و لەگەڵی دا پاداشتکردنیان، هۆکارێکی ڕێخۆشکەر بوو بۆ فێربوونیان (عزیز، 2014، 127).

**تیۆری فرۆید:** بە دیتنی فرۆید ڕەمەکەکانی ژیان و مردن کە لە نێو چەمکی ئید (Id) دا دەبینرێن وزەیەکی دەروونیان تیایدایە کە لە بنەڕەتدا لە ڕێگەی گۆڕانکاری لە وزەیەکی جەستەییدا پەیدا دەبێ، مەبەستی سەرەکی ئەو ڕەمەکانە لابردنی ووروژاندنەکان و هێشتنەوەی تاکە لە دۆخێکی ئارامی مێنتالی(عەقلی) و فیزیۆلۆژی و ئازادبوون لە شەپرزەیی (هال، 1970، 116)، و لیبیدۆ کە نوێنەرایەتی پێداویستییە سەرەکیەکانی مرۆڤ دەکاتن کە دەبێ بە بێ هیچ کۆسپێك و بە ئازادانە تێر و دابین بکرێن (باقر و حمزە، 1984 ، 17 )، هەرچەندە کە قوتابیەکانیتری فرۆید، وەك ئەدلێر و یۆنگ و میدێر، وای بۆدەچن کە لە پێکهاتەی کەسێتی مرۆڤدا، جگە لە لیبیدۆ، هێزی تر هەن ناکەونە ژێر کاریگەری لیبیدۆ، بۆ نموونە سۆزەکەی لە کاتی شرۆڤەکردنی لە لایەن تایبەمەندی دەروونی دەگاتە قۆناغێکی هەستەوەری (ئاگەهداری یان شعوری)، و ئازادییەکی کاتی بۆ دێتەئاراوە و لە سایەی ئەم ئازادییە خۆشەویستی یان ڕقی کەسێك هەڵدەگرێ، جا هەر کەس بێ، و ئەو پرۆسەیە بەناوی گۆڕانکاری سۆزداری ناسراوە و بەردەوام لە گۆڕاندایە ( فلاتی، 1349، 98 )، فرۆید لە بەکارهێنانی شێوازی شیکاری دەروونی بۆ ئازادبوون لە ئالۆزییە مێنتاڵییەکان و تێگەیشتنێکی باشتر لە خۆدی خۆی (حەسەن، 2007، 36)، و یان خەواندنی مۆگناتیسی (هیپنۆتیزم) و دەربڕینی ئازاد و شرۆڤەی خەونەکان، دەرفەتێك بۆ نەخۆشەکانی دەڕەخساند تاوەکو بەهۆیەوە بگەنە ئاستێکی ئازادبوون لە شەپرزەیی، ئازادکردنی وزە شاراوەکەی هەلچوونەکان، کە بە چەمکی (catharsis) دەناسرێتن(ویلسون، 2000، 20). بەمەش واتا فرۆید لەوبڕوایەدایە کە ئازادی بابەتێکە تاك بەردەوام چ لەسەر ئاستی هەستەوەری و ئاگەهدارانە یان نەستی بێ بە پێی ئەزموونەکانی منداڵیەتی خۆی بەرەو لای پاڵدەدرێت، و وا تێدەگاتن کە ئازادی ویستێکی ڕەها و هەڵبژارتنێکی لەبن نەهاتووە و هیچ فشارەکی دەرەکی لەسەر نیە، بۆیە هەر چیەکی بیەوێ دەکات و هەوڵدەداتن وەدەستی بهێنێ (زیدان، 2008، 45).

**تیۆری ئالتمان و چێمرس** ( Altman I. & M. Chemrs, 1980): بۆشایی تایبەت بە هەر تاکێك ئاستی ئازادییەکەی مسۆگەر دەکات. ئەو دوو زانایە سێ جۆری سنوور بۆ بۆشایی تایبەتی مرۆڤەکان دادەنێن، کە لە جۆری یەکەم، بۆ نموونە لە نێو ماڵەکەی دا، تاك بەهێزترە، و لە جۆری دووهەم دا، بۆ نموونە لە پۆلی خۆی دا، تاك ئاستی خاوەندارێتی وەك جۆری یەکەم نیە و ئاستی بەکارهێنا و سوود لێوەرگرتن لێی سنووردارترە، و لە جۆری سێیەمدا، بۆ نموونە لە نێو جادە دا، کۆنترۆڵکردن زۆر ئەستەمە و تاك وەك زۆر تاکی تر تیایدا هەژمار دەکرێت (اسفند ئباد، 1388، 269).

**تیۆری ماسلۆ:** كە پێی وایە هاوكات لەگەڵ گرنگی فاكتەری پاڵنەرەكان لە ژیاندا، ترس لە ژینگە و هەلپەرستی هەندێ كەس لەو ژینگەیە بە شێوەیەكی ناشیاو و ناگونجاو بۆوەتە هۆكاری لەدەستچوونی ئازادییەكانی مرۆڤایەتی، و لای هەندێ كەسیان شكستخواردن یان ڕەشبینی پەیدا بووە (Maslow, 1968, 24)، و لە توێژینەوەكانی لەبارەی ئەو كەسانەی گەیشتوونەتە ئاستی بەرزی بەدەستهێنانی خۆد (self actualization)، بۆی دەركەوت زۆر كەس لەو كەسایەتیانە خەسڵەتی تایبەتیان هەبوو، كە یەكێكیان ئارەزووی ئازادبوونە لەلایان (صالح،2011، 227).

**تیۆری ڕۆجێرز:** بڕوای وایە كە كاتێك كە كەسێك بەرەو ڕووی ئەزموون و بیروباوەڕكانی كراوە بێ خۆدی خۆی زیاتر پێ قبوول دەكرێ، و لە ئازادییەكی تەواو بەرەو گەیشتن و بەدەستهێنانی خۆد هەنگاو دەنێ، و ئەوە كاریگەرییەكی باشی چارەسەری و بەرزكردنی ئاستی سازانی و گونجانی لەگەڵ خۆدی خۆی دەداتن، و ئەوەش بە هاوكاری چارەسەركەری دەروونی ( Jolley, and Mitchell, 1996, 60).

**تیۆری فرۆم:** فرۆم لە پەرتووكەكەی خۆیدا بەناوی ( ڕاكردن لە ئازادی) (1941) ئەو وای بۆ دەچێ مرۆڤ ( و بگرە گیانەوەران) لە بارودۆخی جیاواز دا، كاتێك كە ئازاد بێ یان ئازادییەكەی سنووردار بێ، ڕەفتارەكانی جیاوازن. توێژینەوەكانی سالی زوكێرمان لەسەر مەیمون پیشانیان داوە كە ئەو گیانەوەرە لە كاتی بەرتەسكبوونی سنووری ئازادیەكەی لە ژینگەدا، تووشی بێزاری دەبێ و دەست بە ڕەفتاری توندوتیژانە دەكاتن (فروم، 1379، 32)، و نیازی و حەزی بۆ بەختەوەری و سازان و خۆشەویستی و ئازادی بەشێكی جیانەبووی سروشتیەتی، و بزوێنەری ژیانن، و ئەگەر سەركووت بكرێن دەبن بە هۆكاری دەركەوتنی پەرچەكرداری دەروونی، و لە ئەنجامدا زۆربەی كرادرە كۆمەڵایەتیەكان لە هێز بەخشینەوە دەبن بە جۆرێكی وێرانكەر، و لە جیاتی بۆ كۆمەڵگە ببن بە چیمەنتۆ دەبن بە دینامیتی تەقینەوە(فرۆم، 2008، 91). مرۆڤ بۆیە لە ئازادی دەترسێ چونكە ئازادی هەستكردنە بە بەرپرسیارەتی و ئامادەبوونە بۆ وڵامدانەوەی ئەو بەرپرسیارەتییەیە. لە ئازادی دا دادپەروەری شوێنی نادادپەروەری دەگرێ (ئۆسمان، 2010، 85).

**تیۆری ئەدلێر:** وای بۆ دەچێ كە مرۆڤ لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتی و خێزانییەكانی دا و لە پرۆسەی جووڵەی بەرەو ئاراستە جیاوازەكان، تاكێكی خاوەن ئازادیی ڕەها و تەواو سەربخۆ نیە، بەڵكو ئابلۆقەدراو و سنووردارە (ئەدلێر، 2014، 413)، و فاكتەرە بۆماوەیی و ژینگەیی وەك پاڵنەر كاریگەرییان بەسەر ئاستی ئەو ئازادییە هەیە (شیلینگ، 1388، 99).

**تیۆری فرانكل:** ڤیكتۆر فرانكل ڕاشكاوانە مرۆڤ بە ئازاد دەزانێ، و ئازادە كە خاوەنی چارەنووسی خۆی بێ، و بە ئەزموونی خۆی، بڕوای بە تواناییەكانی مرۆڤ هەیە، و مرۆڤ بە ویستی خۆی دەتوانێ ئازادانە ئازادیی خۆی هەڵبژێرێ، بە هەڵبژارتنی " بەڵێ" یان " نەخێر" (Чудновский, 2006, 323)، و بە هەموو بڕوایەكەوە، بوونی مرۆڤ لە سێ ئەلەمێنتی ڕۆحیبوون، ئازادی و هەستی بەرپرسیارەتی دا دەبینێ، و مرۆڤ كاتێك بە ئازاد دەژمێردرێت كە بە شێوەیەكی ئازادانە توانای بڕیاردانی هەبێ و ئەو ڕۆانگەیەكی ئێكسێتێنشیالیزمانەیە بۆ ئازادی مرۆڤ و بوونی لە جیهان دا ( Сластенин и Чижакова 2005, 159 ).

**تیۆری بێردیاییڤ:** نیكۆلای بێردیاییڤی ڕۆسی جگە لە بایەخدان بە بابەتی ئازادی و هەستی بەرپرسیارەتی و شكۆمەندی مرۆڤ، ئەو دوو لایەنە بەیەكەوە دەبەستێتەوە و بەرپرسیارێتییەكەی لە ئازادبوونیدا دەبینێ و هەموو شكۆمەندییەكەی مرۆڤیش بۆ ئەو جۆرە بەرپرسیارێتییە ئازادە دەگەڕێنیتەوە (حۆسێن، 2107: 155).

**تیۆری تۆماس پینك:** پینك ئازادی لە ڕوانگەی دەروونزانی بە ئازادی كاركردن، و لەسەر بنەمای بیركردنەوە لە بارەی ئەو بابەتە دەبینێ، كە ئەو ئازادیە پەیوەندی هەیە لەگەڵ ڕووداو و دیاردەی مێنتالی و ئەو بارودۆخەی كە پاڵنەری تاكن بۆ ئەوەی هەڵبستێ بە ئەنجامدانی ئەو كار و ڕەفتارە. بەواتایەكیتر ئازادی كاركردن لەوەدا دەبینێ كە پەیوەستە بە ویستێكی ئازادانەی پێشوەختەی تاك (Pink, 2007, 2).

**تیۆری فیلیپ پۆتیت:** ئەم زانایە پێی وایە كە ئازادی لە كاركردن وەك ئازادی خۆدە، و تاكێكی ئازاد جۆرێكە لە كار و خۆد و كەسایەتی هاوسەنگ و سازێنەر، و ئەوە واتە ئازادی پەیوەندی پتەویان لەگەڵ بەرپرسیارەتی و سازان، و خاوەندارێتی هەیە(Pettit, 2001, 6)

**تیۆری میلێر:** ئازادی، لە ڕوانگەی جۆرج میلێر، بریتیە لەوەی كە مرۆڤ هەڵبستێ بە هەڵبژارتنێك، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو كارەی بەشێوەیەكی ڕەها نیە، و خاڵی پێچەوانەشی هەن، و ئازادی بە گشتی، و ئازادی دەربڕینی پێ شتێكی باشە، و لەهەمان كاتدا پێی وایە هەیە كەسانێك كە هەلپەرێستی تیادا دەكەن و بۆ مەرەمی تایبەت و تەنانەت دژی خەڵكانێك بەكاری دێنن (میلر، 1372، 253).

**تیۆرییەكانی فەلسەفی لە بارەی ئازادی:** وەك دیارە و شاراوە نیە كە بناغەی سایكۆلۆژیا لە فەلسەفە دەستپێدەكات، و بەوە واتا چەمكەكانی هاوبەشیان دەبێ، و لەوانەشە ئازادییە، و ئەم چەمكە بۆ نموونە لە بەرهەمە جیاوازەكانی سارتەر بە بەردەوامی دەبینرێتن (حەسەن، 2014، 106)،و هەندێ لە تیۆرە جیاوازەكانی

زانستەکانی پەیوەندار بە ئازادی و زانستەکانی تر لە خوارەوە ئاماژەی پێدراوە:

**تیۆری تۆماس هۆبز:** دەوڵەت لە ئەنجامی گرێبەستێکی ویستراو لە نێوان مرۆڤەکان پەیدا دەبێ، تا لە دۆخێکی جەنگاوی بۆ دۆخێکی شارستانیانە و کۆمەڵایەتی هەنگاو بنێن، ئاشتی و ئارامی بچەسپێ، ویستی تاکەکان ملکەچی ویست دەستهەڵات ببێ (توفیق و ئەوانیتر، 2016، 86).

**تیۆری دوالیزم** (dualism): لەوبڕوایەدایە کە جەستە و مێشك دوو گەوهەری جیاوازن کە لە بنەمایان وەك یەکتر نیە و یاساکانی کارکردنیان جۆدایە، و جەستە تیایدا شتی بێ ڕۆح و گیانن کە بە پێی یاسایەکانی فیزیکی جوولە دەکات، بەڵام مێشك و هزر ویستێکی ئازادی هەیە (اسفند یٰباد، 1388، 6).

**تیۆری سپینۆزا:** دەڵێت دامەزراندنی دەوڵەت بەواتای تۆقاندنی مرۆڤەکان یان سەپاندنی دەستهەڵات بەسەریاندا نیە، بەڵکۆ پاراستنی ماف و ئازادی کار و بیرکردنەوە و ڕەفتاریانە، دور لە ڕق و زۆرداری و فرت و فێڵ، و دەستەبەرکردنی ئازادی ئامانجی سەرەکیەتی (توفیق و ئەوانیتر، 2016، 86).

**تیۆری هێگل:** دەوڵەت یاسایبوونی خۆی تەنها لە خاوەندارێتی و دابینکردنی ئاسایش دا نابینێ، بەڵکۆ ئەو ویستەیە کە تیایدا ئازادی لە لووتکەی خۆی دایە و تاڕادەیەك ڕەهایە(توفیق و ئەوانیتر، 2016، 86).

تیۆری ئەدەبی ئازادی: ئازادی لە ناوەرۆکی رێبازە ئەدەبیەکانی وەك دادایزم و سۆریالیزم دا گرنگی و شوێنێکی تایبەتی هەیە و نوێخوازی و بووژانەوە و رۆشنگەری و بە ئامانجی گەیشتنە بە کیلگەکانی جوانی و ئازادییە رەهاکان ( سەعید و دەشتی، 2015،24).

**تیۆری ئابووری لە بارەی ئازادی:** ئادام سمیت، ئابووریناسی بەناوبانگ، پێی وایە کە دەبێ گرنگی بە پێدانی ئازادی بە تاکەکان بدرێت، بۆ سوودگەیاندن بە تاك و کۆمەڵگا، چونکە بەرژەوەندییە تاکیەکان ڕەهەندێکی ڕەوشتیان لە ئابووری دا هەیە ( غنی نژاد، 2004، 61).

**تیۆری لیبرالیزسم:** یەکێکە لە تیۆرە نوێیەکانی سیاسی کە لە ئەورۆپا و ئەمریکا جێگیربووە، و داکۆکی لە ئازادی و بەرژەوەندی تاکی دەکات، وەك بەشێك لە پێداویستی پێشکەتنی کۆمەڵگە (Ritzer, 2007, 47)، و بڕوای بە ئازادی ڕەهای مرۆڤ هەیە، و بە بەشێك لە سروشتی دادەنێ، و دەبێ دامەزراوەکانی حکومەتی لەبەرچاوی بگرن و دەستوەردان لە کاروباری تایبەتی مرۆڤ وەرنەدەن و دەرفەت بدەن تاك بە پێی ویست و بەرژەوەندییە تاکیەکانی خۆی کاربکات (نبی، 2010، 113).

**د_ توێژینەوەکانی پێشووتر:**

ئەوەندەی توێژەر ئاگادار بێ هیچ توێژینەوەیەك کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەم لێکۆڵینەوەوە هەبێ نەبووە، و ئەمە خۆی لە خۆیدا خاڵێکی بەهێزی ئەم توێژینەوەیە، هەرچەندە سوود لە هەندێ توێژینەوەی هاوشێوە وەرگیراوە بۆ مەبەستی دانانی ڕاپرسی و چارەسەریی ئاماری.

### 3. کردارەکانی پەیوەندار بە جێبەجێکاری توێژینەوە

ئەم بەشە خاڵەکانی خوارەوە بەخۆیەوە دەگرێت:

**أ – کۆمەڵگای گشتی توێژینەوە و سەمپلەکەی:** ژمارەی لاپەڕەکانی هەر سێ بەرگی پەرتووکی بابەتی وێژەی و زمانی کوردی قۆناغی ئامادەیی بریتییە لە ( 845 ) لاپەڕەیە، کە پەرتووکی قۆناغی (10) لە (277) بەرپەڕ، و هی قۆناغی (11) لە (307)، و پەرتووکی قۆناغی (12) لە (261) لاپەڕە پێکدێت، و سەمپلی تۆێژینەوە، و (748) لاپەڕە بوو کە بە شێوەی هەڕەمەکی هەلبژێردراون کە دەکاتە نزیکەی( 89٪ ) ی کۆی کۆمەڵگەی توێژینەوە.

**ب –ئامادە کردنی لیستی ڕاپرسی و دوروستی و نەگۆرییەکەی:** بۆ مەبەستی دروستکردنی ئەم لیستەیەك لە جۆرەکانی ئازادی، لێکۆڵەر بە پێی ئەزموون و چەند سەرچاوەی زانستی (السیف، 2017، ب. ل.)، لیستەیەکی ئامادەکرد لە (10) جۆری ئازادی کە بەسەر دوو بواری ئازادییەکانی جۆری بووژەنی (مادی) و جۆری مۆرالی (مەعنەوی)، و دوای ئەوە بەسەر چەند پسپۆرێکی بوارەکانی پەروەردەیی، سایکۆلۆژی، وێژەیی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دابەشکرد، بۆ مەبەستی وەرگرتن بیروڕایان و ڕێژەی رەزامەندی ( 88٪ ) بوو (پاشکۆی ژمارە 1).

بۆ مەبەستی دۆزینەوەی نەگۆڕی کەرەستەی توێژینەوە، توێژەر هەڵسا بە دووبارەکردنی پرۆسەی شرۆڤەکردنی (56) لاپەڕە لە بابەتی وێژە و زمانی کوردی ئەم قۆناغە، لە ماوەی نێوان دوو هەفتە دا و ڕێژەی نەگۆڕی (0.76) بوو.

